# دنیای منداڵان

1



پاشکۆی

کوردستان

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

ژمارە ٣٤٥، ٣١ی پووشپەڕی ١٣٨١ ( ٢٢ی ژوئیەی ٢٠٠٢)


## ڕۆژ باش

جگەرگۆشەکانی "کوردستان"!
منداڵە خۆشەویستەکان!
سڵاو، ئەم کاتەتان باش.

هەروەك بەڵێنمان پێدابوون، "کوردستان" لەمەودوا بە ڕێکوپێکی "دنیای منداڵان" بڵاودەکاتەوە. لەمەودوا مانگێ جارێك "دنیای منداڵان" بە کۆمەڵێك بابەتی ڕەنگاوڕەنگەوە دەبێتە میوانی ئێوە.

"دنیای منداڵان" لەگەڵ خۆیدا چیرۆك، شێعر، سروود، مەتەڵ، قسەی خۆش‌و هەواڵ‌و ڕاپۆرتی جۆراوجۆر لە بارەی تێکۆشانی وەرزشی، هونەری‌و سەرکەوتنی منداڵان لە خوێندندا، بۆ ئێوە دێنێ. لە بەرامبەردا ئەویش دیاریی لە ئێوە دەوێ. دەزانن چ دیارییەکی لە ئێوە دەوێ؟ با پێتان بڵێم:

"دنیای منداڵان" لە ئێوەی دەوێ: ئەگەر نەقاشی جوانتان هەیە، ئەگەر مەتەڵ‌و چیرۆکی خۆشی کوردی دەزانن، ئەگەر دەتوانن شێعر دابنێن‌و چیرۆك بنووسن، یا ئەگەر دەتوانن چیرۆك وەربگێڕن، ئەگەر سروودی خۆشتان لەبەرە، وەك دیاریی خۆتان بۆی بنێرن. زوو زوو نامەی بۆ بنووسن، وەڵامی پرسیارو مەتەڵەکانی بدەنەوە. "وێنەی خۆتان" بۆ "گۆشەی یەکتر ناسین" بنێرن‌و وێڕای ناوو شۆرەت‌و تەمەن‌و ڕادەی خوێندەواری، بنووسن کە حەزتان لە چییەو پێتان خۆشە لەگەڵ چ جۆرە منداڵێك پێوەندیتان هەبێ. لە بیرتان نەچێ ها

چاوەڕوانی دیاریی ئێوەین.

## سەفەری پەیامنێرانی "دنیای منداڵان" بۆ کەمپی جیژنیکان

منداڵە خۆشەویستەکان!
سڵاوتان لێ بێ

چەند ڕۆژ لەمەوبەر لەلایەن "دنیای منداڵان"ەوە سەردانێکی کەمپی بنەماڵە کوردە ئێرانییەکان لە "جیژنیکان"مان کرد، پشوویەکمان داو دوایی داوامان لە چەند هاوڕێ کرد قوتابیەکانی کەمپی جیژنیکانمان بۆ کۆ کەنەوە هەتا وێنەیان بگرین، بەتایبەتی هی ئەو قوتابیانەی بە پلەی باش دەرچووبوون، چی پێ نەچوو یەك یەك‌و دوو دوو بە پێکەنین وەژوور کەوتن، چاك‌و چۆنیمان لەگەڵ



کردن‌و ئەوانیش زۆر بە گەرمی ئێمەیان بەخێرهاتن کرد. زۆربەیان ژمارەی پێشووی "دنیای منداڵان"یان لەگەڵ خۆیان هێنابوو. هەواکە گەرم بوو دەم‌و چاویان ئارەقەی کردبوو. وادیار بوو هەر بە ڕاکردن هاتبوونە لامان، تۆزو خۆڵی کووچەو کۆڵانی جیژنیکانیش نەختێ کوڵمە گەش‌و جوانەکانی ڕەش‌و بۆر هەڵگەڕاندبوون، ماشاڵڵا زۆریش وشیارو زیرەك دیار بوون، هەموو بە ڕیز دانیشتبوون‌و لە بنەوە چاوە زیت‌و وریاکانیان لە ئێمە بڕی بوو. زۆربەی شێعرو بابەتەکانی دنیای منداڵانیان لەبەر بوو. هێندێکیان گلەییان هەبوو کە "دنیای منداڵان"یان بە دەست نەگەیشتوە. ئێمەش بەڵێنمان پێدان ئەمجار وابکەین لە دنیای منداڵان بێبەش نەبن. ئەوانیش بەڵێنیان دا بابەتمان بۆ بنێرن.

"دنیای منداڵان"




کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# مامۆستا

لەتیف هەڵمەت



مامۆستامان پێی وتین
ناوی وڵات بنووسین
بەپیتی ڕازاوەوجوان
نووسیم ناوی نیشتمان
ناوی وڵات بەتامە
وەك هەنگوین وشەمامە
مامۆستا فێری کردین
ناوی وڵات بنووسین
مامۆستامان هەر بژین
کەنووسینیان فێرکردین

# ئازادی



بۆکان ـ "هەرمێ"

ڕۆژێکیان لە مەزرا کارم دەکرد، لەپڕ گوێم لە خشپە خشپێك بوو، هەستم ڕاگرت، لە نێو دارستانەوە بوو. چوومە سەری، قەتم بوونەوەری ئاوا جوان نەدیبوو، بێچوویەکی قوتی وریا! هەرچۆنێك بوو گرتمو بردمەوە بۆ ماڵێ. منداڵانی ناودێ دەوریان دام.

ـ هیوا کوتی: بیبە بۆ شاری بیفرۆشە.

ـ ئاوات کوتی: نا مەیفرۆشە، بیخە نێو قەفەسێکی دارو ڕایگرە.

ـ نەخشین کوتی: بە قسەی ئاواتو هیوا نەکەی. پەتێك بخە ملیو بۆ هەر جێگایەك چووی دەگەڵ خۆت بیبە. . .

بەڵام قسەی هیچیانم بەدڵ نەبوو، حەزم نەدەکرد هیچ بوونەوەرێك لە بەند دا ببینم. لای ئێوارە بردمەوە بۆ دارستانو ئازادم کرد.

دایکم ئێستاش دەڵێ: خۆزگە سمۆرە چووکەکەت هەر ئازاد بێ.

# چوومە شاری مێروولان



منالەکان! گوێ بگرن
چیرۆکان لەبیربەرن
ڕۆژێ بەتەنیا
بێکەس، بێپەنا
چوومە شاری مێروولان
لێی گیرسامەوە
چی دەردی هەم بوو
بۆم گێڕانەوە
مێروولەیەك وتی بۆ
دڵت ئاوا پڕدەردە
ڕەنگت بۆچی وا زەردە

وتم ئەی مێروولەکان
لە نێو تۆرەمەی ئینسان
پۆلێك دەژین زۆر خۆشحاڵ
نوقمی خۆشیی ماڵو حاڵ
دەستەیەکی دی ڕەنجەر
دوور لە گەنجو لە گەوهەر
مێروولە ئەمەیان بیست
دەستیان کردە پێکەنین
تێکڕا بە یەك دەنگ گوتیان
گوێ بگرە هۆ ئینسانە
کاری ئێمە یەکسانە

خەوو خواردنمان وەك یەك
ماڵو بەرگیشمان وەك یەك
مێروولەی بێ ئیشو کار
دەبێتە پارچە پارچە
لە نێو ئێمە بە یەکجار
ئێمە هەموو ئازادین
هەموو پێکەوە شادین
زاڵمێك ئەگەر
زوڵم کا لە کەس
زوڵمی کردوە لە ئێمەش یەکسەر
هاوکات ئێمە هەموومان
گشت گیانی تێك دەشکێنین
هەردوو چاوی دەردێنین
ئێمە هەموو هەڵسوورین
جێی شانازی، ڕوو سوورین

نووسینی: قادر لوتفیانی (ئازا)

وەرگێر لە فارسییەوە:

لەیلا حوسێنی

سەرچاوە: کتێبی "اسب و نان"

## منالە خۆشەویستەکان!

کوردان لە ئەدەبیاتی فولکلۆریدا دەوڵەمەندن. ئەدەبیاتی فولکلۆری ئەو ئەدەبیاتە زۆر کۆنەیە کە نەنووسراونو کەسیش نازانێ خاوەنی بەرهەمەکە کێیە. ئەدەبیاتی فولکلۆریك بریتییە لە، داستان، چیرۆکی کورت، نوکتە، پەندی پێشینیان، بەیتو حەیرانو لاوکو . . .کوردان لە پەندی پێشینیاندا، دەوڵەمەندن. لە خوارەوە مانا کردنەوەی ٢ پەندمان لە ئێوە دەوێ. کێ ماناکەیان لێك داتەوە دیاریو خەڵاتی هەیە، دیارە بە پێی پشك هاویشتن.

### ١ـ ئەگەر گوڵ نی دڕکیش مەبە!

لە کوێ بەکار دێو بە چ مانایەك دێ!؟

### ٢ـ هەر عەقڵەی لە خەسارێکی!

لە کوێ دەکار دکرێو بە چ مانایەك دێ!؟

"دنیای منداڵان"

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# هەژدیهای بەخیل

وەرگێڕران لە فارسیەوە:

مژده عەزیزی

لە رۆژگاری کۆن لەو سەردەمەدا کە باوو باپیرانی ئێمەش لە بیریان نیە، کەڵەشێرێك بەوپەڕی رێزو شکۆوە لە ئیمپراتۆریی چیندا دەژیا. ئەو کەڵەشێرە وەك کەڵەشێرەکانی ئەمڕۆیی تووڕەو خۆ بە زلزان نەبوو و دوو شاخی جوانیشی هەبوو کە هەرکات ویستبای دەیتوانی دەرگای کۆشکی ئیمپراتۆر لە خۆی بکاتەوە. هەر لەو کاتەدا هەژدیهایەك بەنێوی "قوو" لە کێوەکانداو لە نێو ئەشکەوتەکاندا دەژیا. هەژدیهای بەستەزمان پیر بوو و شاخی نەبوو، چونکە لە رۆژگاری کۆندا هیچ هەژدیهایەك شاخی نەبوو.

هەژدیها بەخیلی بە کەڵەشێر دەبردو ساڵانێکی زۆربوو ئاواتی ئەوە بوو کە شاخەکانی کەڵەشێری لەسەر بایە تا بتوانێ بچێتە نێو کۆشك. رۆژێکی کەڵەشێر لە دەرەوەی کۆشكو لەنێو کێوەکاندا دەخولایەوە کە تووشی هەژدیها بوو، هەژدیها زۆری رێز لە کەڵەشێر ناو زۆر زوو بوون بە هەڤاڵو رەفیق. جارجارە هەژدیها کەڵەشێری بەجێ دەهێشتو سەرێکی لە کۆشك هەڵدێناو هەژدیهای قین لە دڵو بەخیلیش لەم ماوەیەدا نەخشەو پیلانی رەشی دادەڕشت. جارێك لە کاتی رۆژئاوا هەژدیها بە کەڵەشێری گوت:

ـ دۆستی بەڕێز ئەتۆ زۆر بەختیاری کە دەتوانی بە کەیفی خۆت لەناو کۆشکدا بگەڕێی. بەڵام ئەمنی چارەڕەش دەبێ هەتا هەم لە ئەشکەوتە تاریکەکاندا بژیم. وەرە هیممەتت بێ و ئەمشەو شاخەکانت بە قەرز بدە بە من تا ئەمنیش تاوێك لەناو کۆشکەکەدا بگەڕێمو زووش بگەڕێمەوە. کەڵەشێر لەوە کە دەتوانێ ببێتە هۆی شادیی هەژدیهای بێچارە، زۆر کەیف خۆش بوو و بێ دوودڵی شاخەکانی بە قەرز دایەو چاوەڕێی گەڕانەوەی هەژدیها بوو. رۆژێك چاوەڕێی بوو بێ فایدە بوو، لای خۆی بیری دەکردەوە کە رەنگە جوانیو شتە سەرنج ڕاکێشەکانی دیکەی نێو کۆشك نەیان هێشتبێ هەژدیها بگەڕێتەوە، بەڵام سبحەینێش "قوو" نەگەڕایەوە. رۆژی سێهەمیش نەگەڕایەوە، دیسان چاوەڕێ بوو، بەڵام ئاکامێکی نەبوو. رۆژەکانی دواییش چاوەڕێ بوو بەڵام هەواڵێکی نەبوو.



هەژدیها بە شاخەکانی کەڵەشێر توانیبووی بچێتە نێو کۆشکو تازە لە بیری گەڕانەوەدا نەبوو و هیچ بیری لەو دۆستە خۆشەویستەی نەدەکردەوە کە چاوەڕێی بوو.

کاتێ هەژدیها لە بەهەشتی خۆشبەختیدا دەژیا، کەڵەشێر هەموو رۆژێ لەگەڵ یەکەم گزینگی هەتاودا بانگی هەژدیهای دەکردو دەیگوت:

قووقوولی قووقوو، قووقوولی قووقوو، قووقوولی قووقوو.

سەرچاوە:

کتێبی "افسانەهای مشرق زمین"

کۆکردنەوەی "بهجت عباسی"

هاوڕێ بچکۆلەکانم!

ئەو کاتەتان باش! هیوادارم هەمیشە باش بن.

زۆرم پێخۆشە کە دیسان بە یەکتر شاد دەبینەوە.

ئێوە پێتان خۆشە؟

ئا. دڵنیام کە بە دیتنی دنیای منداڵان زۆر زۆر شادمان دەبن. پێم خۆش بوو پرسیارێکتان لێ بکەم. قوتابخانەتان پێخۆشە؟

ئێستا دەڵێن: ئەی چۆن. زۆرمان پێخۆشە.

دەزانن بۆچی قوتابخانەتان پێخۆشە؟

چونکە قوتابخانە شوێنی فێربوونو بارهێنانی ئێمەیەو لەوێ زۆر شت فێر دەبین.

ئەی کێ لە قوتابخانە یارمەتیمان دەدا؟

مامۆستا. مامۆستا فێری خوێندنو نووسینمان دەکا. فێری زانستمان دەکا. زانیاریی جۆراوجۆر دەدا بە ئێمە تا باشتر فێر بین.

مامۆستا هەمیشە رێنوێنیمان دەکاو پێمان دەڵێ کە چ کارێك بە سوودە بۆ ئێمە ئەنجامی بدەینو چ کارێك خراپو ناپەسندە خۆمانی لێ دوور بکەینەوە تاوەکو تووشی هەڵە نەبین.

بۆیە من رێز لە مامۆستاکەم دەگرم.

بێوار

نامەو بابەتی ئەم ئازیزانە گەیشتوە. چاوەڕێی بەرهەمی باشترین. شێعری جوانو چیرۆكو پەخشانو نەققاشیمان بۆ بنێرن. منداڵەکان دنیای خۆتان لەبیر مەکەن. ناوی قوتابخانەشتان لەبیر نەچێ.

١ـ وەلهون رەحمانی
٢ـ تاژان عەلی ڕەمانی
٣ـ هەرێم ئەسکۆلی ـ پۆلی دووهەمی ناوەندی ـ دێگەڵەی تێکەڵاو
٤ ـ دەربەند ڕەحمانی
٥ـ ڕۆژە عەزیزی
٦ ـ شۆڕش ئەسکۆلی ـ پێنجەمی سەرەتایی ـ دێگەڵە
٧ ـ ئەدیبە ئەسکۆلی ـ سێهەمی ناوەندی دێگەڵە
٩ ـ جوان ڕەحمانی
١٠ ـ سارێژ حەکیم زادە
١١ ـ سۆما حەکیم زادە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# قوتابیانی نموونەی نێو کەمپەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران


ژاڵە قادری
(یەکەمی پۆلی چوارەم)


ئاشتی مستەفایی
(یەکەمی پۆلی چوارەم)


ئاشتی بازیار
(یەکەمی پۆلی چوارەم)


هانا رەحمانی
(یەکەمی پۆلی چوارەم)


ئارمان حەسەن پوور
(دووهەمی پۆلی چوارەم)


نەرمین ئورەنگی نیا
(سێهەمی پۆلی چوارەم)


رێناس زەمانی
(سێهەمی پۆلی چوارەم)


ئەدیب کەسرایی
(یەکەمی پۆلی پێنجەم)


بڵباس بڵباسی
(یەکەمی پۆلی پێنجەم)


رێباز فەلاحی
(دووهەمی پۆلی پێنجەم)


هەژیر مەنگوری
(دووهەمی پۆلی پێنجەم)


ئەژین بەهرامی
(سێهەمی پۆلی پێنجەم)


رێباز رەسوڵی
(سێهەمی پۆلی پێنجەم)


ئاوات پەیرەوان
( پۆلی شەشەم)


ئاسکە عوسمانی
(پۆلی شەشەم)


مژدە حسێنی
(پۆلی شەشەم)


رووناك شابازی
(پۆلی شەشەم)


گەلاوێژ مێهفەر
(پۆلی شەشەم)


سەرچڵ بێتووشی
( پۆلی شەشەم)


پێشەوا رەزایی
(پۆلی شەشەم)


نەشمیل عەبدی
(پۆلی شەشەم)


زانیار کوردستانی
(پۆلی شەشەم)

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# وتووێژ لەگەڵ قوتابیان

ئا: ع. بداغی

**شەماڵ مینبەری: پۆلی پێنجەم، پلەی دووەم (کوڕی شەهید شەهرام مینبەری)**



**هاندەری تۆ بۆ خوێندن کێیە؟**

دایکم زۆرم هان دەدا کە باش بخوێنم و زۆریش یارمەتیم دەدا.

**پێت خۆشە لە داهاتوودا چ کارە بی؟**

زۆر حەزم لە تۆپی پێیە، بۆیە پێمخۆشە فوتبالیست بم.

**شلێر ڕەزایی: پۆلی شەشەم، پلەی سێهەم**



**دنیای منداڵانت بینیوە؟**

بەڵێ زۆرم پێخۆش بوو. ئەگەر دەکرێ هەموو شتێکی تێدا بلاوکەنەوە، قسەی خۆشتان لەبیر نەچێ.

**پێت خۆشە لە داهاتوودا چ کارە بی؟**

پێمخۆشە ببمە دوکتور.

**ژیار قادری: پۆلی شەشەم، پلەی یەکەم**

**ژیارگیان چەند ساڵە یەکەم دێیەوە؟**

لەوەتی دەخوێنم هەموو ساڵێ یەکەم هاتوومەتەوە و



هەروەها لە کولێژی زانستی سلێمانییش کە کولێژێکی تازە دامەزراوە یەکەم هاتوومەوە.

**لەم سەرکەوتنەدا کێ یارمەتیدەرت بوو؟**

باوکم زۆر زەحمەت لەگەڵ دەکێشێ و یارمەتیم و هانم دەدا تا باش بخوێنم. مامۆستاکانیشم زۆر یارمەتی دەدەن.

**دنیای منداڵان چۆن دەبینی؟**

زۆر پێویست بوو. من خۆم لە جەریدەی پاشکۆی منداڵان لە کوردستانی نوێ شتم بلاوکردۆتەوە. چونکە بۆخۆمان نەمان بوو.

**حەزت لە چییە؟**

زۆرم چیرۆک پێخۆشە.

**لە داهاتوودا پێت خۆشە چ کارە بی؟**

دەمەوێ ببمە مەحامی (وەکیل)

**تەوار قادری: پۆلی چوارەم پلەی دووەم**



**هاندەری تۆ بۆ باش خوێندن کێیە؟**

پوورە جوانێم لە سلێمانی.

**پێت خۆشە لە داهاتوودا چکارە بی؟**

پێمخۆشە ببمە دوکتوری دڵ.

**حەزت لە چییە؟**

زۆرم حەز لە فووتباڵە. زۆربەی یارییەکانی مۆندیالم چاولێ کرد.

**لایەنگری چ تیمێک بووی؟**

ئاڵمان.

**بەڵام ئاڵمان دۆڕاندی؟**

زۆرم پێناخۆش بوو بەڵام قەیدی نیە. برێکیش گریام.

**ئەگەر بەجێی برازیل تیمی کوردستان لە بەرامبەر ئاڵمان بوایە حەزت دەکرد کامیان بیباتەوە؟**

ها... ئەگەر کوردستان تیمی بوایە، حەزم دەکرد کوردستان یەکەمی دنیای هێناباوە هەر چەند بۆ ئاڵمانیش پێم ناخۆش دەبوو.

**هانا ناسری: پۆلی سێهەم، پلەی یەکەم**

**چەند ساڵە یەکەم دێیەوە؟**

من ئەوە سێ‌ساڵە یەکەم دێمەوە.

**کێ لە خوێندندا زۆری یارمەتی داوی؟**

من یەکەم ساڵ لە کوردستانی عێراق دەخوێنم و سێ‌ساڵ لە کوردستانی ئێران خوێندوومە هەر بۆیە نەمدەزانی بە کوردی بنووسم و بخوێنمەوە. مامۆستاکەم زۆری یارمەتی داوم و خۆی لەگەڵ ماندوو کردووم و یەکەمیشم هێناوە.

**پێتخۆشە بە کوردی بخوێنی یان بە فارسی؟**



خوێندن بە زمانی کوردی زۆر خۆشە، حەز دەکەم هەمیشە بە کوردی بخوێنم.

**چ پەیامێکت بۆ هاوتەمەنەکانت هەیە؟**

داوا دەکەم وەختەکەیان بە فیڕۆ نەدەن کایە بکەن، بخوێنن، بەڵام زۆرتر بخوێنن.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# دێوە زلەو سپەند

غولامحوسێن ساعدی

وەرگێڕان بۆ کوردی: هۆزان



دێوێکی زلو دزێو لە لێڕەوارێکی گەورەدا قەڵایەکی هەبوو. بە ڕۆژ لە ژێرزەمینی قەڵادا دەخەوتو پرخەی دەهاتو بەرەبەری ئێوارانیش خۆی دەکردە پیرێژنێك، قەرتاڵەیەکی پڕ لە میوەی بە دەستەوە دەگرتو لە قەڵا وەدەر دەکەوت. بەنێو لێرەوارەکەدا دەگەڕا تا ئەو منداڵە چکۆلانەی ڕێگایان ون کردوە ببینێتەوەو بیانباتەوە قەڵا. دێو کەیفی بە خواردنی منداڵان دەهات. دێو تەنیا منداڵانی دەخوارد. دێو شەوانە چاوی دەیدیت بەڵام بە ڕۆژ کوێر دەبوو. دێو بە شەو دەیتوانی منداڵەکان بخوا. ئەو کاتە منداڵی دەخواردن کە لە خەو دابان، دێو نەیدەتوانی ئەو منداڵانە بخوا کە بەخەبەرن.

ڕۆژێك بەرەبەری ئێوارێ، قەرتاڵەیەکی پڕ توودڕكو تووفەرەنگیو گێلاسو قەیسیو سێوی دەست دایەو لە قەڵا وەدەر کەوت. لەم ڕێگایەوە بۆ ڕێگایەکی دیکە، لەم باریکە ڕێیە بۆ باریکە ڕێیەکی دیکە، لەو بن دارە بۆ بن دارێکی دیکە، ڕۆیی ڕۆیی ڕۆیی،لە پڕ دیتی پێنج شەش منداڵ بە پەشۆکاوی لێرەو لەوێ دێنو دەچن. ماوەیەك خۆی حەشار دا تا دڵنیا بوو کە منداڵەکان ڕێگایان ون کردوە. ئاو بە لاڵغاوەیدا هاتە خوار، بە ئاسپایی چووە پێشو گوتی: وردیلە خۆشەویستەکان! لە کوێوە هاتوون؟ یەکێك لە منداڵەکانی گوتی:

بۆ گوڵ چنین هاتبووین، ون بووینو ناتوانین ڕێگا بدۆزینەوە.

پیرێژن گوتی:

مەترسێن، هیچ مەترسێن، من دەتانگەیەنمەوە ماڵە خۆتان، ئێستا وەرن لە بن ئەو دارە دانیشن کەمێك توودڕکان بخۆن، ترێی بخۆن، قەیسیو گێلاسو سێوان بخۆن، بحەسێنەوە، پاشان وەڕێ دەکەوین.

پیرێژن لە بن داربەڕوویەکی پیر دانیشت. منداڵەکان لە دەوری کۆ بوونەوەو هەڵتروشکان. پیرێژن زۆر بە ڕەحم بوو. یەك بە یەك پێی دەگوتن: ژیکەڵەکە زارت بکەوە.

منداڵەکان بە کەیف خۆشییەوە زاریان دەکردەوەو پیرێژن بە پێکەنینەوە، دەنکێك ترێ یا گێلاس یا توودڕکی دەزاری داویشتن. پیرێژن کایەی لەگەڵ منداڵەکان دەکرد، لەگەڵیان پێدەکەنیو یەك بە یەك ناوی دەپرسین:

یەکەمیان گوتی: ناوی من بێهرووزە

دووهەمیان گوتی: ناوی من نیلووفەرە

سێهەمیان گوتی: ناوی من ئارەشە

چوارەمیان گوتی: ئەمن مێهردادم

دوا منداڵ کە لە هەمووان چکۆڵەتر بوو گوتی ناوی من سپەندە.

پیرێژن یەك بە یەك لێی دەڕوانینو ئاوی زاری قووت دەدا. بۆ خواردن سپەندی لە هەمووان زیاتر کەوتبووە بەر دڵی. پیرێژن میوەی دەدانێ. هەموو وەریان دەگرتو دەیانخوارد بەڵام سپەند دەیگوت: ئەمن جارێ برسی نیمو نەی دەخوارد. سپەند دڵی نەدەحەساوەو زوو زوو دەیگوت: بۆ وەڕێ ناکەوین؟ پیرێژن دەیگوت: پەلە مەکە وەڕێ دەکەوینو زۆر زووش دەگەینێ. هەرکە "سپەند" چاوی بە چاوی پیرێژن دەکەوت دەترسا، هەرکات پیرێژنیش چاوی بە چاوی سپەند دەکەوت دەترسا. هەردوو لێك دەترسان.

پیرێژن لەو فکرە دابوو کە ڕەنگە ئەوشۆ ئەو منداڵە نەخەوێو سپەندیش پێی وابوو ئەو پیرێژنە بەتەمای شتێکەو لەوانەیە خۆیو هاوڕێیانی تووشی بەڵایەك بکا. پیرێژن ئەوەندەی فشەو گاڵتەو یاری لەگەڵ منداڵەکان کرد تا تاریکان داهات، جا ئەوکات گوتی: منداڵینە هەستن با وەڕێ کەوین.

پیرێژن لە لاڕێیەکەوە بە نێو دارەکاندا وەدوای خۆی دان تا شەو داهاتو چاو چاوی نەدەدی. بەم جۆرە گەیشتنە بەر دەرکی قەڵای پیرێژن. پیرێژن گوتی: منداڵینە هەوا تاریك بووەو ڕێگاکە نادۆزینەوە، ئەمشەو لە ماڵە من بمێننەوە، کە بەیانی داهات وەڕێ دەکەوین هەتا دەتانگەیەنمەوە ماڵە خۆتان.

دەرگاکەیان کردەوەو هەموو چوونە ژووری. پیرێژن فانووسێکی هەڵکردو منداڵەکانی بردە ژوورێکی گەورە کە فەرشی زۆر جوانی لێ ڕاخستبوو و لە چوار دەورەی پاڵەوپشتی جوان جوانی دانابوو. منداڵەکان بە دڵەخورپەو ترسو لەرزەوە دانیشتن.

یەکێك لە منداڵەکان گوتی: ئێستا دایکم زۆرم بۆ نیگەرانە.

پیرێژن وەڵامی داوە: مەترسێ، نایەڵم تاو لە سەران دا دەتگەیەنمەوە ماڵێ، ئێستا شێوتان بۆ دروست دەکەم، چاك بخۆنو باش بخەون.

پیرێژن چووە چێشتخانە، دوای سەعاتێك هاتەوەو سفرەی ڕاخستو نانی شەویی هێنا. منداڵەکان دەستیان بە ←

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خواردن کرد. که له خواردن بوونەوه پیرێژن گوتی: ئێستا هەستن‌و بخەون.

جێی بۆ هەمووان ڕاخست، هەموو چوون‌و لێی ڕاکشان، پیرێژن له ژوورەکه وەدەرکەوت‌و له هەیوانێ دانیشت. چاوەڕوان مایەوه تا هەموو بخەون بەو خەیاڵەی ئەوکات لێیان وەژوور کەوێ‌و دەست به خواردنیان بکا. پیرێژن دەیویست بەر له هەمووان "سپەند"ی بخوا. کەمێك چاوەڕوان مایەوەو پاشان هاته ژوورێ‌و پرسی: کێ خەوتوه، کێ به خەبەره؟

سپەند کوتی: هەموو نوستوون، هەر سپەند بەخەبەره.

پیرێژن پرسی: سپەند بۆ بەخەبەره؟

سپەند گوتی: هەموو شەوێ لەو وەختەدا دایکم "مزراویلکه"ی• بۆ لێ‌دەنام.

پیرێژن چووه چێشتخانه، ماوەیەکی کێشا هەتا مزراویلکه حازر بوو. هاته ژوورێ، سفرەی ڕاخست‌و مزراویلکەی لەنێوەڕاستی سفرەکه دانا. سپەند منداڵەکانی دیکەی‌له خەو هەستاند، هەموو هاتن لەسەر سفره دانیشتن‌و دەستیان به خواردنی مزراویلکه کرد.

پیرێژن سفرەکەی کۆ کردەوه، پڵێتەی فانووسەکەی داکێشا، ڕۆیشت‌و له هەیوانێ دانیشتەوه. منداڵەکان لێی ڕاکشانەوه تا خەویان لێ‌بکەوێتەوه. ماوەیەك بەسەر چوو، پیرێژن هاتەوه ژوورو به ئەسپایی پرسی: کێ خەوتوه، کێ بەخەبەره؟

• "مزراویلکه": شۆرباوێك که به سماق‌و هێلکه لێ‌دەندرێ

سپەند به دەنگێکی بەرز گوتی: هەموو خەوتوون، هەر سپەند به خەبەره. پیرێژن پرسی: سپەند بۆ بەخەبەره؟

سپەند گوتی: ئاخر هەموو شەوێ دایکم لەو وەختەدا هێلکەوڕۆنی بۆ لێ‌دەنام. پیرێژن چووه چێشتخانەو لەلای ئاورگەکه دانیشت. ماوەیەکی کێشا هەتا هێلکەوڕۆن ئامادە بوو. کاتێك هێلکەوڕۆنی هێنا سپەند منداڵەکانی دیکەی لەخەو ڕاست کردنەوه. هەموو لەم بەرو ئەوبەری سفره دانیشتن‌و ملیان له خواردنی هێلکەوڕۆن نا. که هێلکەوڕۆنیان خوارد پیرێژن سفرەکەی کۆ کردەوەو فانووسەکەی خەفه کردو چۆوه هەیوانێ دانیشت. منداڵەکان بۆی ڕاکشانەوه، پیرێژن خۆی دەخەو کرد. دوای ماوەیەك به ئەسپایی‌و به دەست کوتان هاتەوه ژوورێ‌و لەسەرەخۆ کوتی: کێ خەوتوه، کێ نەخەوتوه؟

سپەنده چکۆڵ گوتی: هەموو نوستوون، هەر سپەند نەخەوتوه. پیرێژن پرسی: سپەند بۆ دیسان هەر نەخەوتوه؟

سپەند وەڵامی داوه: هەموو شەوێ ئەو وەختانه دایکم شیربرینجی بۆ لێ‌دەنام.

پیرێژن کوتی: هەی سندانت لێ‌دا.

سپەند گوتی: سندان نا، شیربرینج

پیرێژن چووه چێشتخانەو سەعاتێك له کن کوانوو مایەوه تا شیربرینج ساز بوو، شیربرینجی هێنا، سپەند منداڵەکانی دیکەی وەخەبەر هێنا، هەموو دانیشتن‌و دەستیان کرد به شیربرینج خواردن. کاتێك له خواردن بوونەوه پیرێژن سفرەکەی هەڵگرت‌و فانووسەکەی خەفه کردو چووه پاشخانه، چاوەڕوان مایەوەو ددانی بەسەر جەرگیدا ڕۆگرت. منداڵەکان لێی ڕاکشانەوه هەتا بخەون. دوای سەعاتێك پیرێژن هاتەوەو گوتی: هەموو خەوتوون؟

سپەند وەڵامی داوه: نەوەڵڵا

پیرێژن گوتی: بۆ ناتۆپی

سپەند گوتی: برسیمه

پیرێژن پرسی: دیسان ئیشتیات چۆته سندان‌و ژاری مارێکی دیکه؟

سپەند وەڵامی داوه: سندان‌و ژاری‌مار نا، دۆکلێوی کەشکان

پیرێژن گوتی: بەو نیوەشەوه چۆن کەشکان بسووم

سپەند گوتی: کەشکان نەسووی من ناخەوم.

پیرێژن به پرتەپرت‌و بۆڵەبۆڵ بەرەو چێشتخانه ڕۆیی‌و سۆنەی له پێش خۆی داناو تا بۆی کرا کەشکی ساوت، پاشان چووه بەر کوانووەکه، لوبیاو نیسك‌و لەپەی کرده نێو مەنجەڵ‌و دوایه سەبزیی ورد کرد. دۆکلێوی کەشکانی ئامادە کردو ئەوجار هاتەوه ژوورەکه، سفرەکەی پان کردەوەو دۆکلێوی کەشکانی دانا، سپەند لەسەر جێوبانی خۆی هەستاو منداڵەکانی دیکەی لەخەو هەستاند، هەموو دەستیان به خواردنی دۆکلێوی کەشکان کرد. که له خواردن بوونەوه، پیرێژن سفرەکەی هەڵگرتەوه، پڵێتەی فانووسەکەی داکێشاو چووه پاشخانەکه. منداڵەکان ڕاکشانەوه تا بخەون. پیرێژن له پەنجەره چکۆڵەکەی پاش خانەڕا ڕووانی‌یه دەرەوەو دیتی چی وای بۆ بەیانی نەماوه. چۆوه ژوورێ‌و پرسی: هەموو خەوتن؟

سپەند گوتی: نا

پیرێژن گوتی: بتۆپه: دەدڕێی ها

سپەند گوتی: دۆکلێوەکەت سوێر بوو، ئەمن تینوومه ئاوم دەوێ.

پیرێژن چوو ئاوی هێنا سپەند گوتی: ئەمن ئەو ئاوەی ناخۆمەوه شەوان که من ئەو وەختانه تینووم دەبوو دایکم دەچوو له کانی ئاوی به بێژینگێ بۆ دێنام.

پیرێژن به قەڵسی وەدەر کەوت، بێژینگی دەست دایەو بەرەو کانی وەڕێ کەوت. هەر بێژینگی تێ‌هەڵدێناو ئاوی ڕانەدەگرت. ئەوەندەی ئەو کاره کرد تا ڕووناکی داهات، ورده ورده چاوی نەیدەدی. پیرێژن ترسی ڕی نیشت که خۆر هەڵبێ‌و ئەو له دەرێ بمێنێتەوه. به هەڵەداوان بەرەو قەڵا وەڕێ کەوت: هێشتا نەگەیشتبووه بەر دەرکی قەڵا له نەکاو خۆر له کەل هاتەدەر، به قڕوسکه قڕوسك خۆی دەژێرزەمینەکه کوتاوه. سپەند منداڵەکانی له خەو ڕاست کردەوه. پێکەوه دەرگای ژێر زەمینەکەیان به قوڕێ گرت‌و به خۆشحاڵی له قەڵا وەدەر کەوتن. لێرەوار دەتگوت زێڕوەشان کراوه. ئەوان له باریکه ڕێیەکەوه ڕۆیشتن‌و گەیشتنه ڕێگایەکی خۆش که گوڵه وەنەوشه ئەمبەرو ئەوبەری ڕێگای داپۆشیبوو. منداڵەکان باوی لاقیان خۆش بوو، ئەو ڕێگایەیان بڕی تا گەیشتنەوه ماڵه ژیکەڵەکانیان.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org




منالّەکان! ئایا ئێوە دەزانن کە لە چیرۆکی کوردەواری‌داو بە تایبەتی لەو چیرۆکانەدا کە بۆ منالاّن گوتراون، ڕێوی دەوری بەرچاو دەبینێ؟ ڕێوی وەك زیندەوەرێکی زیرەك‌و فێڵباز چیرۆکی جوانی لە سەر ساز کراوە. بە تایبەتی ڕێوی قاتڵی مریشك‌و جووجەڵەکانە. یەکێك لەو چیرۆکانەی کە جاران داپیرەو باپیرە بۆ منالاّنیان دەگێڕایەوە ئەو چیرۆکەیە:

✧✧✧

مریشکە قوڵەیەك ٧ جووجەلاّن هەڵدێنێ، ڕۆژێکی لەگەڵ جووجەڵەکان لە دەرەوەی گوند دا خەریکی چینەو گەڕان دەبن، لە پڕ ڕێوی‌یەك لەبەر دەمیان قوت دەبێتەوەو ئامبازی مریشك‌و جووجەڵەکان دەبێ، مریشك کە دەبینێ دەرچوونی خۆی‌و جووجکەکانی زەحمەتە دەڵێ:

ـ ڕێوی ئەوە خەریکی چی؟

ڕێوی جواب دەداتەوەو دەڵێ

ـ جا ئەوە پرسیارە دەی‌کەی، وەڵاهی خەریکم ئەتۆو جووجەڵەکان وێکڕا دەخۆم.

مریشك کە دیتی ئەگەر فێڵێك نەبینێتەوە بە خۆی‌و بە جووجکان دەخورێ گوتی:

ـ مام ڕێوی خۆ ئەگەر ئێستا بمان خۆی زەرەرێکی گەورە لە خۆت دەدەی، جووجەڵەکانم چکۆلەن‌و بە هەموویان قەپێکی تۆ نابن، بۆ لێم ناگەڕێی با قەڵەویان کەم‌و دوایە دانە دانە بۆتیان دێنم ئەتۆش بیانخۆ، ڕێوی تۆزێ لەبیرەوە چوو، پاشان گوتی:

ـ زۆرچاکە مادام وەعدەم پێ‌دەدەی دوای مانگێك بیان هێنییەوەو دانە دانە بیانخۆم ئەوا کارم بەسەرتانەوە نیە! تا مانگێکی دیکە کە لە بن ئەو گردە یەکتر دەبینینەوە خواحافیز!

مریشك وەعدەی دایەو زۆر بە نارەحەتی لە ڕێوی هەڵبڕاو دوور کەوتەوە. ڕۆژێك لە قەراخ گوندی دەخولایەوەو جووجەڵەی ناسك‌و نازداریش بە دوویەوە بوون. مریشك زۆر نارەحەت بوو، یەك حەوتووی مابوو ڕۆژی وەعدەو پەیمان بگاتێ. لە ناکاو کابرایەکی لێ پەیدا بوو چاك‌و چۆنی کردو دوایی کابرا لە مریشکە قوڵەی پرسی:

ـ مریشکە قوڵە بۆوا خەمباری، چی بووە!؟

ـ ئەتۆ کێی لە من دەپرسی‌و چیت لە دەردی من داوە؟

ـ ئەمن پێم دەڵێن مام ئۆمەر، کابرایەکم ڕاوچی، ڕۆژێ بە تاژی‌و تولاّن دەچمە ڕاوێ.

مریشکە قوڵە کە ئەمەی بیست سەربردەی خۆی بۆگێڕایەوەو گوتی ئێستا یەك هەفتەم ماوە دەبێ بە دەستی خۆم جووجکان بەرم بۆ مام ڕێوی ئەویش دانە دانە بیانخوا. قەراریشمان بن هۆو گردەیە.

مام ئۆمەر گوتی:

ـ مریشکە قوڵە خەمت نەبێ، ڕۆژی قەرار ئەمن بەیانی زوو دێم‌و لەوێ خۆم مات دەدەم‌و تاژی‌و تولاّن لە قولکێکدا دەشارمەوەو سەری بەدارو چلوو دەگرم. ئیدی کارت نەبێ ئەتۆ تەنیا ئەو شێعرەت لەبەر بێ. شێعرێکی فێری مریشکە قوڵە کرد.

ڕۆژی وەعدە گەیشت‌و ڕێوی‌و مریشکە قوڵە لەبن گردەکە گەیشتبوونە یەك. جووجکە تەواو قەڵەوو خڕەکە ببوون، ڕێوی لەخۆشیان دەستی بە هەڵپەڕین کردو گوتی:

**هەی چۆمە، چۆمە، چۆمە**
**دایك‌و جووجکان دەخۆمە**
**دنیا بە کەیفی خۆمە**

مریشکە قوڵەش کە پشتیوانی بۆ پەیدا ببووو ترسی نەمابوو گوتی:

**مام ئۆمەری دەربەندی**
**بە خۆت‌و بە تولە فەندی**
**سەر بێنەدەر لە کەندی**
**کەولی ڕێوی‌یەت بە چەندی**

ڕێوی هاواری لێ بڵیند بووو گوتی:

کچەتیوە ڕزیوە ئەوە دەڵێی چی، وامەڵێ دەترسێم.

دیسانەکە گوتی:

**هەی چۆمە، چۆمە، چۆمە**
**دنیا بە کەیفی خۆمە**
**لە دایك‌و لە جووجەلاّن**
**سەرپشکم کێ دەخۆمە!**

مریشکە قوڵەش گوتی:

**مام ئۆمەرەی دەربەندی**
**بە خۆت‌و بە تولە فەندی**
**سەر بێنەدەر لە کەندی**
**مام ڕێوی ئەوەتانێ**
**داخوا کەولی بەچەندی؟**

لەپڕ مام ئۆمەر کە خۆی شاردبۆوە هەستاوو تاجی‌و تولەی لە ڕێوی بەردان‌و ئەوانیش ڕێوییان هەڵبڕی، تازە ڕێوی لە ترسان هەر بەو دۆڵەشدا نەهاتەوەو مریشك‌و جووجکەکانیش نەجاتیان بوو. کاڵەم دڕا چم پێ‌نەبڕا.

"دنیای منداڵان"

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org